# بەهانەو تارمایی درۆ دوای گەڕانەوەی یەکێتی بۆ هەولێر

ئیبراهیم عەباس

پەردەپۆشی ڕایی نەکردنی کاری فەرمانبەران و هاوولاتیان و گێرۆدە کردنیان تا بەهەڵخەڵەتاندن و بێحورمەتیان دەگات، لەزۆربەی زۆری دەزگاو فەرمانگەو وەزارەتەکانی حکوومەتی هەرێم لەژێر بەهانەی گەڕانەوەی یەکێتی نیشتمانی بۆ هەولێر، بۆتە کارێکی باو. خوا هەڵناگریَ بێحورمەتی هەندێک بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەری فەرمانگەو کارمەندە بەدەسەلات و هەمەکارە نەزانەکانیان لەهەمبەر کارومامەڵەی فەرمانبەران و هاوولاتیان گەیشتۆتە ئاستێک، بەعس بەو هەموو دڕەندەیەی خۆی نەیدەوێرا ئەمە بەخەڵک بکات!؟ بۆ هەر دەزگایەکی حکوومەت لەم هەولێرە دەچی، بەهانەی هاتنەوەی یەکێتی بووە بەمایەی ڕاگرتن و دانەمەزراندن، بەرزنەکردنەوەی پلە، هەژمارنەکردنی سالانی خزمەت، پێنەدانی ئەرزەو ئیمتیاز بەفەرمانبەرانی بێخودان و بێپشت وپەنا، هەمووشی لەژێر ئەو پاساوەی لەو وەزارەتانەی بەدەست یەکێتییەوەن، نایەڵن کاری فەرمانبەرە پارتییەکان بڕوا. بەو پێیەی خۆم ئەو ماوەیە بۆهەندێک کاروبار بەردەوام لەهەندێک دەزگاو وەزارەت بووم، دەڵێم: ئەو قسەیە هێندە تارمایی و درۆیەکی بیَ بنچینەیە، هیچ زیادەڕۆیی نییە گەربڵێم بچوکترین ڕاستی تێدا نییە، بەڵکو کارێکی ڕێکخراوەو بەدوو مەرام دەکرێت:–

1/ تا سێبەری حیزب لەسەر فەرمانبەرو دەزگاکانی حکوومەت بزرنەبێت و بەو پاساوە بەخەڵکی بگوترێت ئەوە ئێمەین (واتە حیزب) پشتیوانی و هاوکاری خەڵکی خۆمانین لەدەزگاکانی حکوومەتدا ئەگەرنا قوتی ژیانیشتان لەلایەن حیزبە نەیارەکەی دوێنێوە دەبڕێت.

2/ دروستکردن و هێنانە پێشی ئەم سیناریۆیە بۆ ئەوەیە کە ئەو بڕیارانەی بەفەرمانی حیزب لەسەری سەرەوە دەدرێن و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی بالادەستی دارایی ڕێنماییان بۆ دەردەکات، بەبەهانەی بوونی تارمایی و دەسەلاتی حیزبی ڕکابەر لەحکوومەتدا وەشێردرێن و لەلایەک وەکو مەبەستێکی ئاشکرا هەم کارو باری فەرمانبەرە بێکەسەکان جێبەجیَ نەکرێن و لەلایەکی تریش تۆوی ڕقی حیزبیانە لەدڵی ئەو جۆرە فەرمانبەرانە هەمیشە ئامادەی چەکرەدان بێت.

دەزانم حاڵی خەڵک و فەرمانبەرانی سلێمانی و ناوچەکانی ژێرچنگی (ینک) یش لەهی هەولێر باشتر نییە، لەوێندەریش بەو پاساوەی سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی هەرێم پارتین و هەموو وەزارەتەکان لەهەولێری پایتەختن، بەهەمان ئەندازەی ئێرەو زیاتریش پەندێکیان بەهاوولاتیان و فەرمانبەران داوە هیچ سنوورێکی نەبێت، ئەو بالادەستییەی هەولێرو پارتی لەحکوومەت بووە بەتارماییەکی ترسێنەر بەسەر هاوولاتیان و فەرمانبەرانی ئەو دەڤەرەی ئەولاو هەرکارێک بەباشی نەڕوات، یان خۆیان بەئەنقەست بیانەوێت ڕێگری بۆ هەرکاریکی گچکەی فەرمانبەران بکرێت، لەژێر بەهانەیە بالادەستی هەولێرو پارتی دەشێردرێنەوە، تا حیزبایەتی سووەراوی پیَ تۆخ بکرێتەوەو کەسایەتی بەرپرسانی بالای پارتی و حکوومەتی پیَ لکەداربکرێت. ڕەنگە گەرکەسێک شارەزایی ئەو دەڤەرەی ئەولا نەبێت بەزەحمەت باوەڕبکات، کەدەڵێم: لەکاتی بڕانی کارەباو نەبوونی ئاوو قووڵبوونەوەی جادەکان بەتاسەو پێنەدانی هاوکاری و ئیمتیاز بەفەرمانبەران و دەیان شتی تر، خەڵک واڕادەهێنرێت کە ئەمە خەتای پارتییەو دەبێت جنێویشیان پیَ بگوترێت.

ڕاستە قورسایی هەیکەلی حکوومەت، بەهۆی بێپلانی و دەستوەردانی بەردەوامی حیزب و گەندەڵی و تێرنەخۆری لێپرسراوە بالاکانی حکومەت و خزم و کەسەنزیکەکانیان بەقەدەر ڕایینەکردنی کاری فەرمانبەران و هاوولاتیان، خودی حکومەتیشی ئیفلیج و شەلەل کردووە، ئەوەش باش دەزانم ئەو ڕێکارانەی حکوومەت بۆ دەربازبوون لەو شەپڕێویەی تێکەوتووە، دەیانگرێتەبەر نەکاری زانستین و نەعەقلانەش چارەسەری شەپڕێوی خۆی دەکات. بەلام باهەموو ئەوانە لەلایەک دانێن و جاریَ لەم پرسە گەڕێین، من نازانم و نەسەریشم لەوەدەردەچێت!؟ ئایا بۆ کاری حکوومەت تەنها بەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی و وەزیرەکان (دەڵێم وەزیرەکان نەک وەزارەتەکان) دەزانرێت و حکوومەت تەنها خەمی ئەو چەند بینایەو ئەو چەند کەسە نزیەکی خۆی بێت؟ ئایا ئەو حکوومەتە کەی لەئەستێرەی

ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دێتە خوارە؟و کەی باوەڕ بەوە دێنێت بەدوای کارە ڕۆتینیە ترسناکەکانی دەزگاو فەرمانگەکانی بکەوێت و ببینێ و بزانێ چۆن سەرەڕایی بەڕێنەکردنی بچووکتری مامڵە، ئایا ئەو بێحورمەتییە چییە لەو دەزگایانە بەفەرمانبەرانی ئاسایی و خەڵکی دەکرێت؟ ئایا ئەرکی سەرۆکی حکوومەت نییە دوای دەیەو نیوێک لەحوکمڕانی و فەرمانڕەوایی خۆیی، بزانێت و بپرسێت بۆچی مامەڵەیەکی بۆنموونە، دامەزراندن یان بەرزکردنەوەی پلە یان هەژمارکردنی ساڵانەی خزمەت بۆ دەبێت پتر لە(10) دەزگا بکات و زیاتر لە(100)جار بەدواکەوتن و ڕاکەڕاکی بووێی و ئینجاش وەکو گرەو قومار وابێت، یان دەیبەیەوە یان بیدۆڕێنی.

خوازیارنیم بێبەڵگەو نموونە دەم لەو پرسە هەستیارە بکوتم، بەڵکو بافەرمانگەی تەندروستی هەولێر بەنموونە وەرگرین و بپرسین: بەچ ویژدانێک ڕەوای هەقە لەو فەرمانگەیەو نەخۆشخانەکانی سەربەم فەرمانگەیە، کاری فەرمانبەرێکی ئاسایی ڕایی نەکرێت و بەشێک لەو کارمەندەکانی ئەو دەزگایە بەئاسانی بتوانن بێحورمەتی بەوکەسانەبکەن کەبۆ مامەڵەی ئاسایی ڕووی تێدەکەن. لەژێر ئەو بەهانە درۆیەی گوایە وەزیری تەندروستی سەربەیەکێتییەو نایەڵێت لەوەزارەتەکەی کار بۆ فەرمانبەرە پارتییەکان بڕوات. لەکاتێکدا تەنها فەرمانبەرێک نییە لەو فەرمانگەی و سەرجەم نەخۆشخانەکانی کەوەکو چۆن کۆزەرە بەبێژینگ لەگەنم دەگیرێت ئاوا فەرمانبەری یەکێتی و شیوعی و ئیسلامی و نازانم چی جیا کرابنەوە، ئینجاش هیچ کارێکی فەرمانبەرێکی خودی پارتی لەم فەرمانگەیە بەبێ بوونی دەیان واسیتە ناڕوێنرێ و دەیان و سەدان مامەلەی فەرمانبەرە پارتییە بێ پشت و پەناکان لەو فەرمانگەیە کەهەموویان بەناو پارتین، بزرو گوم دەبێت، بۆ پشتڕاستی ئەو قسەیەم باحکوومەت بفەرموێت پرسیار لەهاتووو ڕۆیشتووی وەزارەتی تەندروستی یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین بکات، خۆشم چەند نموونەیەکم لایە، کەچۆن ڕۆژانە چەندان نووسراوی فەرمی لەسەر میزاجی کارمەندێکی بێوژدانی ئەو فەرمانگەیە بزر دەکرێن و سەدان کارهەن بەساڵ لەو فەرمانگەیە ڕایی ناکرێن و ئینجاش دەیان بەڵێنی درۆو ناڕاستیش بەمامەڵەچیان دەدرێت و دەیان جار هاتووچۆیان پێدەکرێت .

بەپێ هەموو مەزندەو پێشبینی و پێوەرێک بوایە، دەبوایە لەئێستای یەک ئیداری، کەخەونی هەموو خەڵکی بووو دەیان فرمێسکی بۆ ڕژا تابەئەنجام گەیشت، دوای ئەو دوو ئیدارییە ماڵوێرانکەری شەڕی ناوخۆ، لایەنی کەم، یەک ئیداری کاری فەرمانگەو دەزگاکانی حکومەتی پێ ڕێکخرابایەوە، بەڵام وەکو دەبینین دەرەنجامەکەی پێچەوانەیە بۆ؟و لەبەرچی؟ چونکە ستراتیژیەتی هەردوو حیزبە باڵادەسەکە خزمەتکردن ڕاستەقینە نەبووەو نییە بەوڵات و خەڵکی!؟ بەڵکو هەرچی کردوویانەو دەکرێت تاکتیکی ڕۆژانەی هەڵخەڵەتێنەرانەی حیزبی بەرتەسکن،. دەی خوابکەم من هەڵەبم ئەو وتەیەم وانەبێت، بەڵام دەپرسم ئایا بۆچی مامەڵەیەکی فەرمانبەرێک، دەیان فەرمانگەبکات و چەندان بەرتیل و واسیتەی بووێت؟ ئایا حکوومەت چ قازانجێک لەئەزیەتدانی خەڵکی و فەرمانبەرانی خۆی دەکات؟ ئایا لەئێستادا کەدەهۆڵی پەیمانی ستراتیژی هەموومانی کاس و هێڕکردووە، ئەرکی پارتی و یەکێتی و حکوومەتە هاوبەشە تەکنۆکڕاتەکەیان نییە؟ ڕێگری لەمیزاجی بەرپرس و کارمەندانی فەرمانگەکان بکەن و ڕێنمایی تازەو سەردەم و ڕێکخراو بەیاسا دەربکات تا بەئاسانترین شێوە دەزگاکان بەڕێوەببرێن، تاهەر هیچ نەبێت کارمەندو بەرپرسی دام و دەزگاکان، بەئاسانی و لەپەنای دەسەڵات و پۆستەکانیان نەتوانن سووکایەتی **بەخەڵکی و فەرمانبەران بکەن.**